له كاروانی ئاشتی بۆ كەمپەینی هەڵەبجەو ئەنفال :مەئمورێكی فاشل

## ( چەند ئامۆژگاری یەك بۆ سەلام عبداللە )

( موزەفەر عبداللە )
muzafar@optusnet.com.au

سەلام عبداللە وەك رۆشنبیرێكی وردە بۆرژوازی سەرگەردان ماوەیەكە بە دوای كەمپینی هەڵەبجەو ئەنفال دووبارە دەستی داوەتەوە بە قسە بزوركاندن بە هەر چوار دەوردا.كە سەرنجام ئەم قسانەی جگە لە خزمەت بە حزبە كۆنە پەرستەكان زیاتر بە كەس ناكات. لەم بارەیەوە بە پێویستم زانی چەند ئامۆژگاری یەكی بكەم بەو ئومێدەی ببێتە رچیەكی بچوك بۆ رزگار بونی لەو سەرگەدانی یە.

1- بەر لە هەر شتێك كاك سەلام ناوەرۆكی وردە بۆرژوایانەیەی لە كاروانی ئاشتی یەوە تا كەمپەینی هەڵەبجەو ئەنفال چ بە گفتار چ بە كرداردەركەوتوە.یانی چ لە نوسینەكانی چ بە كردەوەكانی لەناو بە تایبەتی لە كاروانی ئاشتی و كەمپەینی هەلەبجە و ئەنفال بەوەیكە ناتوانیٚ بسازی لەگەڵ چوار كەسدا تا كارەكە بەسەرنجام بگەیەنیٚ. پێوست بە بەڵگەی زۆر ناكات خوینەران دەكەم بە شایەد كە لە كاروانی ئاشتی دا چۆن سەرگەردان بوو ئێستا لە كەمپەینی هەلەبجەدا بە شایەدی خۆی بە تەنها لە سوچیكی ماڵەكەیدا یادی قوربانیانی هەڵەبجەو ئەنفالی كردەوە.

2- كاك سەلام لە مەسەلەیەكی تریشدا هەر سەرگەردانە ئەویش بەوەی كە نمونەكانی جولەكەو ئەرمەن و یابان دەهێنێتەوە كە چۆن یەكگرتو بونە لەو كارەساتانە لە دژی یەك قسەیان نەكردوە و گورگ و مەر پیكەوە ئاویان خواردۆتەوە.دەیەوی لەم نمونانە دەرس و تاقی كردنەوەی میژوویی بە ئێمە بناسینیٚ.بەلام برا گیان دەرس لە تاقی كردنەوەكان بەو نی یە ئەوان چیان كردوە ئێمەش بێین كوت مت توتیانە ئەوە بكەین. زۆر جار ئەو تیروانین و كردەوانە كاریكاتۆریانەیە نەك واقعیانەیە.

3- كاك سەلام هەمیشە وەك ماركسیەك خۆی دەناسێنیٚ بەڵام بە خۆی بزانی یان نەزانی تەواوی گوفتار و كردارو هەڵویستەكانی وەك رۆشنبیرێكی وردە بۆرژوازی لە نێوان سیاست و ئایدۆلۆجی هەردوو چینە سەرەكی یەكەی كۆمەڵ دیٚت و دەچیٚت و فری بەسەر ناوەرۆكی شۆرشگێرانەی ماركسیزمەوە نی یە. بۆیە ئامۆژگاریم بۆ كاك سەلام ئەوەیە با دیالەكیتیانە بۆ كۆمەڵگاو دیاردەكانی بروانیٚ و استهزا بە ماركسزم نەكات.باشترین نمونەی ئەم قسەیەم گەمە كردنەیەتی لە نیوان ناسیونالیزم و كۆمۆنیزم.

4- كاك سەلام ئەم قسانە هەڵ دەبزوركینیٚ و بە چەپ و راستدا فریٚ ی دەدات بە تایبەتی لە دژی حككع لە كاتێدا هەڵویست و كردەوەی ئەم حزبە بۆ هەموو كیشەكان دیارە و بەدیلیشی رۆشنە. بەڵام تا ئیستا ئەو بدیلی شخصی و حزبی لانی كەم بۆ مەسەلەی كورد كە ئەوەندە بە كوڵ بۆی دەگریە دیار نی یە كەس نازانیٚ چی دەویٚ.

بۆیە ئامۆژگاریم بۆت ئەوەیە كە هیچ چەوسانەوەو ستەمێك بە هەڵرشتنی فرمیسك و داد فوغان كۆتایی نایەت بەڵكو بە هەوڵ و خەباتی وشیارانەی بە كۆمەڵی چینایەتی مرۆڤەكان كۆتایی دیٚت.

5- خاڵی كۆتایم ئەوەیە كە تۆ نە لە كاروانی ئاشتی دا مەئمورێكی سەركەوتو بوویت بەوەی كە پیٚت وابوو هەموو ئەو ناكۆكیەی نێوان یەكێتی و پارتی لە دانیشتنیكی تۆدا كۆتای دیٚت.وە وات دەزانی تاڵەبانی بارزانی لە سیاسەتدا

هەرزەکارن و پێویستیان بە مامۆستای وەك تۆیە.نە لەم کەمپەینەش بە شایەدی هەڵسوراوەکانیان کە هەمیشە ئەمبەرو بەوبەرت بوو سەرکەو توبویت.

دوا قسەم بۆت ئەوەیە تۆ بەم تە پوتۆز کردنەت هەم خۆڵ دەکەیتە چاوی خۆ ت و هەم چاوی ئەو کەسانەی کارت لەگەڵ دا دەکەن.بۆیە پیشنیازت بۆ دەکەم کە ئاورێك لەم گوفتار و کردارانەت بدەیتەوەو رەخنەیان لێ بگریت تا بتوانی لەگەڵ دوو کەسی تردا هەڵ بکەیت و دوو کاری باش ئە نجام بدەیت.

بەم کارانەت تەنها خۆڵ دەکەیتە چاوی خۆت و ئەوانەی کە بە نیازن کارێکی ئیجابیت لەگەڵ بکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانی خۆڵ بکەیتە چاوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ئەوانەی ئاشنان بە سیاسەت و کردارەکانی.

لە کۆتای دا هیوای رزگا بونت لە سەرگەردانی بۆ دەخوازم.